# "بەهار

# لە بەژنی سنەوبەرێك دا

# دەکرێ مانا بکرێتەوە"

**وا بەهاری سروشت نزیك بۆتەوە و ئاهەنگی هەنگاو و ترپەی پێی لە چۆڕاوەی کلیلە بەفری پاشماوەی زستانەوە بە ئەسپایی دەگاتە گوێ. سروشت تەوژمی شادیی تێگەڕاوە و دەیەوێ فەڕشی چیمەن ی بە گەزیزە و نێرگز نەخشاو بکاتە پایەندا زی.**

**سنەوبەرەکان، تا گەڕانەوەی وەرزی بەهار پەرچەمی خۆڕاگری و بەربەرەکانێیان لە بەرانبەر شەختە و سەرمای تاقەت پڕوکێنی زستان دا سەربەرزانە ڕاگرت و بە گشت دار و گوڵ و گیا و باقی گیانلەبەرەکانی دیکەیان سەلماند کە، زستان خاوەنی هەر ڕادەیەك لە هێز و توانایی تەزاندن و وێرانکاری بێت دیسانیش هەر دەکرێ خۆی لە بەرانبەر دا ڕابگری و لە ئاکام دا بە چۆکی دا بێنی. وە بەم شێوەیە ودمی بوژانەوەی ئاژین کردە دەماری جسمە تەزیو و نیوەگیانەکان و خستنیەوە بیری جارێکی تر سەرهەڵدانەوە.**

**ئازیزان و هاوچارەنووسان! بەم پێشەکیەوە دەمەوێ سەرەڕای پیرۆزبایی کردن، بە بۆنەی هاتنی ساڵی تازەوە لە گشت ئێوە ئینسانە بێ بەش لە خۆشی و بێ بەش لە ئاسوودەییەکانی ژیان و تەزیوی دەستی شەختەی زستانی تووش و پڕ لە نەهامەتی نیزامی سەرمایەداری، ئاماژە بەوە بکەم کە پێویستە ئێمەش ئیلهام لە خۆڕاگری سنەوبەرەکان وەربگرین و بە دلێکی پڕ لە باوەڕ و هیوا بە سەرکەوتن و بە چۆکداهێنانی زستانی کۆمەڵگای بەشەری، واتە نیزامی سەربڕی هەموو چێژ و خۆشیەکانی ژیانی ئێمەی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەش مەینەتان، بچین بە پیر وەرزی هەمیشە بەهاری ژیانەوە. لە سەر بەرزترین لوتکەی چیاکان ئاگری هیوا و ئاواتەکانمان داگیرسێنین و ئەزمی خەباتی یەکگرتوانەمان جەزمتر بکەین و بەهاری ڕاستەقسینە لە ئامێزی سروشت دا لەگەڵ ژیان ئاشت بکەینەوە.**

**جارێکی تریش بەهارتان لێ پیرۆزبێت      هەموو رۆژێکی ژیانتان نەورۆز بێت**

سەعید ئەمانی - بەهاری 2008